**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆلی ئامێری شمشاڵ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

## (کوردستانی عێراق)

**مظهر اسماعيل حويز**

بەشی موزيك, كۆلێژی هونەرە جوانەكان , زانكۆی سەڵاحەدين، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Madhharesmaeel@gmail.com

**پ. د. ناصرهاشم بدن**

بەشی موزيك, كۆلێژی هونەرە جوانەكان , زانكۆی بەسرا، بەسرا، عێراق.

nasserbadan60@gmail.com

**پ. د. إدريس عبدالله مصطفى**

بەشی زمان, كۆلێژی ئاداب , زانكۆی سەلاحەددين، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

idrees.kurdesh@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٣/٧/٥

پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢٣

بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەكییەكان**

*Role, Shmshal, Music, Kurdish Society, Kurdistan of Iraq*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.17

**پوختە**

گروپە موزیکییەکان ئامێرە سەرەتاییە ڕۆژهەڵاتیەکان لەخۆدەگرن. دیارترینیان ئامێری (نای- شمشاڵ)ە، کە بە کارەکتەری جیاواز و تایبەتمەند لە ژەنیندا بەکار هاتووە. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم بابەتە بۆ توێژەر، پێویستی لێکۆڵینەوە لەبارەی (ڕۆڵی ئامێری نای - شمشال) لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەریهەڵدا. ئەم توێژینەوەیە پوختەیەک و پێشەکییەک وکێشە و گرنگی و ئامانج و سنووری توێژینەوە و پێناسەیەکی گرنگترین زاراوە لەخۆدەگرێت. چوارچێوەی تیۆری هاتە سەر ئەو دوو بابەتە: ناو و پێناسە و وەسفکردنی ئامێرەکە و مێژوو، پێوانەکان و شێوازی ژەنین و دروستکردنی ئامێرەکە و کلیلی سکێڵ، مەودای دەنگی، شێوە و پێکهاتە و جۆرەکانی ئامێری شمشاڵ و بابەتی دووەم دووەمیان ڕۆڵی ئامێرەکە لە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و لایەنەکانی تری ژیان و باس لە ژیانی ژمارەیەک موزیکژەنی پێشەنگ دەکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پاشان ئەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## 1-1 پێشەکی:

موزیك بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی پەرەپێدان، پێشکەوتنی چیژی جوانی و سەلیقەی مرۆڤ دادەنرێت، کە گرێدراوە بە گەشتێکی مێژووی دوورو درێژ بەناو شارستانییەتە جیاجیاکاندا. لە نێو ئەم پێشکەوتنە شارستانیانەدا هەمیشە موزیك رۆڵێکی گرنگی هەبووە و ڕەنگیداوەتەوە لە گوتنەوەو دەربڕین لە بۆنە ئایینی و دونیاییەکاندا، هەروەها گوزارشتی لە ناوەرۆک و ڕەوش و گۆڕاوە دەروونییەکانی کۆمەڵگا و تایبەتمەندییە زمانەوانی و جوگرافی و پیشەیی و هزریەکانی دەکات. (جاسم ،2018ص37)

ڕەنگە مێژوو بەشێوەیەکی گشتی خاڵی بێت لە ئاماژەیەکی ڕوون و بەڵگەیەکی سەلمێندراو بۆ ئەوەی یەکەم داهێنانی ئامێری موزیکمان نیشان بدات و جگە لەو دەرئەنجامە شیاوەی ئاماژەی بۆ کراوە، یەکەمین ئامێری موزیك مرۆڤ ناسیویەتی و ئەم دوو ئامێرە سروشتیەیە ئەویش قورگ و دەستەکانی مرۆڤ بوون، کە هەموو ئەو ئامێرانەی مرۆڤ دایهێناوە لەم دوو ئامێرە سەرچاوەی گرتووە. (محمود،2007،ص20)

زۆرینەی ئەو ئامێرە موزیکییانەی مرۆڤی سەردەمی ئێستا لەجیهاندا بەکاری دەهێنێت، بێگومان شوێن پێ و سەرچاوەکەی بۆ ئامێرە موزیکییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە و قۆناغەکانی گەشەکردن و لێکۆڵینەوەیان پەیڕەو دەکەن.

بۆیە ئامێرە موزیکییەکان گرنگترین ئامرازن بۆ دەربڕین لە ناو گەلاندا، ئامرازێکن بۆ دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ لەکاتي ژەنیندا، هەروەها لەکاتی ئاهەنگ و بۆنە جیاوازەکان و ڕێوڕەسمەکاندا، جا چ بەیەکەوە، یان پەیوەست بێت بە ئاهەنگە ئاینییەکان، یاخود جەژنەکان و سەرگەرمی و بەسەربردنی کات و کارکردن و گەشتکردندا، یان بۆ خۆشی دەربڕین، ئامێرە موزیکییەکان نوێنەرایەتی لایەنێکی گرینگی مێژوو دەکەن. (جودت،2012،ص35)

ئێمەی توێژەران نەمانتوانی سەرەتایەك دەستنیشان بکەین، یان دەربخەین، کەوا پیشانبدات مرۆڤە سەرەتاییەکان ئامێرە موزیکییەکان دروست بکەن، یان بدۆزنەوە، بەڵام کاریکی ئاسایی و سروشتییە، کە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی بەردەست بووە، وەك: دار و چەرم و کانزا، کە سروشت پێی بەخشیون، دواتر هەریەکەیان بەکاربهێنرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەم دەنگانە.

زوربەی ئەو ئامێرە موزیکییانەی مرۆڤی ئێستا لەجیهاندا بەکاری دەهێنێت، مێژوویەکی کۆنیان هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن. مرۆڤە دێرینەکان سەلماندوویانە، کە سەرچاوە و ماڵی زۆربەی ئامێرە موزیکییەکان ولاتی میزۆپۆتامیا ئەم ڕاستییە بەو شوێنەوارە موزیکییانە سەلمێنراو کە لە زەویەوە بە هەڵکۆڵینەکان دەرکەوتوون. (قدوري،1987،ص136)

مرۆڤی سەرەتایی پێیوابوو موزیك هێزێکی ئەفسوناوییە و پەیوەستە بە بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکانییەوە، هەروەها سروشتی بوو بۆی، کە ئەمە لە شێوەی ئەو ئامێرانەدا دەرکەون، کە خۆی دروستیدەکات، بۆیە ئەم ئامێرانە بە شێوەیەك دروستدەکران بەشێوازی وێنەی سەیر و سەمەرە، کە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی هێماکانی پەیوەست بە بیروباوەڕی کۆنی ئەو دەکەن، لە ئەفریقا گەلانی ئەم ناوچەیە پێیانوابووە، کە هەندێک ئامێر ڕۆحی پیرۆزیان هەیە و لە ئێسکی مرۆڤ دروستکراون. (محمود،2007،ص32)

مرۆڤی کۆن هەندێک شتی لە سروشتدا گۆڕیوە بۆ کەرەستەی دروستکردنی دەنگی موزیك، بۆیە ئێسکەکانی گۆڕیوە بۆ ئامێر، یاخود بۆ فیکە دوای ئەوەی کونی تێدەکرد، هەروەها تەپڵی جۆراوجۆری لەهەندێک قەدی دار دروست کرد، ئامێرە موزیکییە سەرەتاییەکانیش سەردەمی مرۆڤی بەردی خزمەت بەچەندین مەبەستی مرۆڤایەتی دەکات. ئامێرە موزیکییەکان لەلایەن گەلانی کۆن لە ئەفسانە و چیرۆکەکاندا بەکاردەهێنرا. دەربارەی سەرهەڵدان و بەرپابوونی موزیك و ئامێرە موزیکییەکان، کردنی بەدیاری خوداوەندەکان و گەڕاندنەوەی داهێنانی هەندێک لە ئامێرەکان بۆ خوداوەندەکان. (عیسى،2017،ص20)

دوای ئەوەی مرۆڤایەتی لەقۆناغی منداڵییەوە بۆ قۆناغی تێڕامان و بیرکردنەوە دەستی بە گەشەکردن کرد و ئینجا مرۆڤی سەرەتایی دەستی کرد بەبەکارهێنانی سروشت لە دروستکردنی دەنگدا و یەکەم شت، کە بەکار هێنرا ئامێری ڕیتمی بوو، بەو پێیەی ئاسانترین ئامرازە بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ، و پاشان ئاشنا بوون بە ئامێرە فوودارەکان. (بلبشير،2020،ص12)

شمشاڵ بە یەکێک لە کۆنترین لە خێزانی ئامێرە موزیکییەکان فودارەکان دادەنرێت بە درێژایی سەردەمە یەك لەدوایەکەکان، کە لەڕووەکی خۆڕسکی وەك قامیش دروستکراوە، بەو پێیەی ڕەگەکانی درێژدەبێتەوە بۆ شارستانیەتەکانی دۆڵی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل، بۆیە شمشاڵ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا سەرەڕای ئەو گەشەسەندنەی، کە بەسەر زۆربەی ئامێرە

فودارەکان هاتووە. چەندین داهێنان و دەستکاریی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی جیاواز، بەڵام ئامێری شمشاڵ هێشتا، وەک ئەوەی هەزاران ساڵە بووە دەیپارێزێت و هێشتا ئەرکەکەی بە نایابی ئەنجام دەدات ، وەک لە دونیای میلۆدی ڕۆژهەڵاتییدا، بەهۆی شیرینی و سۆز و ناسکی و توانای دەربڕینی موزیکیی لە دەنگەکەیدا.

دروستکردنی ئامێری میوزیک لەعێراق ڕەسەن و بێ یادەوەرییە، لە ڕووی تەکنەلۆجیا و هونەریشەوە گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز و عێراقی کۆنیش، کەهەمیشە یەکەم بووە لەگەڵێك دەستکەوتەکانی پەیوەست بەئامێرە موزیکییەکان و دروستکردنیان و لەوێشەوە تەشەنەی کردووە بۆ گەلان و وڵاتانی دیکەی جیهان و بە درێژایی هەزاران ساڵ بە بەکارهێنانی مایەوە، تا گەیشتە سەردەمی ئێستا. (رشيد،1970،ص4)

میزۆپۆتامیا بە لانەی کۆنترین شارستانیەتەکانی مرۆڤ دادەنرێت. سۆمەرییەکان لە کۆنترین ئەو گەلانەن، کە توانیان یەکەمین بلۆکی بیناسازی شارستانیەت لە عێراقی کۆنەوە دابنێن و کە بە وڵاتی سۆمەر ناسرابوو شوێنەوارە دۆزراوەکانیش لەوانە مۆر و نەخش و تابلۆی گڵین و نووسراو و وێنە کێشراوەکان و نووسینە مێخییەکان. لەنێو ئەو فیگەرە گڵینە زۆرانەی، کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، هەندێکیان لەسەر دیواری کۆشکەکانی سۆمەری هەڵکەندراو دۆزراونەتەوە. بەڵگەی پشتڕاستکەرەوەن ، کەمرۆڤی عێراقی دێرین دەستپێشخەری یەکەمە لە دروستکردن و تۆمارکردنی ئەو ئامێرە موزیکیانە. (هاشم،2015،ص1)

ئامێری (شمشاڵ– نای)، یاوەری مرۆڤ بووە لەشارستانییەتێکەوە گوازراوەتەوە بۆ شارستانییەتێکی تر لە قۆناغە یەك لەدوایەکەکانی گەشەکردنیدا، پەیوەست بوو بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە، جگە لە ڕێوڕەسمە نەریتییە میللیە باوەکان. ئەم ئامێرە جێگایەکی بەرچاوی هەبووە لە شارستانییەتە جیاوازەکاندا، وەک شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و دۆڵی نیل و یۆنانیەکان و شارستانیەتی فارسی و عەرەبی، تاوەکو. سەردەمی ئێستامان ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئاسانی دروستکردنییەوە بووبێت، هەروەها بەردەستبوونی کەرەستە خاوەکەی لەسروشتدا، جگە لە قەبارە بچووکەکەی و کێشی سوکی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-1 کێشەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

1- مەبەست چیە لە ئامێری شمشاڵ.

2- پێگەی شمشاڵ لەناو ئامێرەکانی دیکەی ژەنیندا لەنێو ڕۆشنبیری کۆن و نوێی کوردیدا چییە؟

3- شمشاڵ چی بەخشییە ڕۆشنبیری کوردی ؟

**3-1 گرینگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بەرز ڕاگرتنی ئامێری شمشال و ڕۆڵی لەموزیکی کوردیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، جگە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی موزیکی کوردیی و کردنەوەی ئاسۆی نوێ بۆ خوێندکارانی ئەو ئامێرە.

1- وروژاندنی شێوازەکانی ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە بۆنەکان و بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی (ئەدا) و دەوڵەمەند کردنی ئاستی هونەری بەکارهێنەرانی ئەم ئامێرە.

2- سود وەرگرتن لەم توێژینەوەیە بۆ قوتابیان و مامۆستای ئامێری شمشال لە دامودەزگا پەروەردەییە موزیکیەکانی کوردستان.

3- تیشك ئاراستەی لایەنێکی گرنگی مێژووی موزیکی کوردی دەکات کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ئامێری موزیکی (شمشاڵ) .

**4-1 ئامانجی توێژینەوە:**

1- - ناساندنی ئامێری شمشاڵ.

2- زانیاری لەسەر مێژووی شمشاڵ و قۆناغەکانی گەشەکردنی.

3- ناساندنی شێوە و پێکهاتەی ئامێری شمشاڵ.

4- چۆنییەتی ژەنینی ئامێرەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەبوارەکانی ژیاندا.

5- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئامێری شمشاڵ لەکۆمەڵگەی کوردەواری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

**5-1 سنوری توێژینەوە:**

**سنووری کاتی:** نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

**سنووری شوین:** کۆمەڵگەی کوردەواری لە هەرێمی کوردستاندا.

**6-1 ڕێبازی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژووییە.

**7-1 زاراوەکان:**

**1- ڕۆڵ:**

بریتییە لە شێواز و پاڵنەر و ئامانج و بیروباوەڕ و بەها و هەڵوێست و ڕەفتار، کە چاوەڕوان دەکرێت، ئەندامانی گروپەکە دەیانەوێت لە کەسێکدا بیبینن، کە پۆستێک، یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی داگیرکردووە، ئینجا ڕۆڵ باس لەو ڕەفتارە دەکات، کە چاوەڕوان دەکرێت لەکەسێک لە دۆخێکدا، ڕۆڵەکە لەسەر بنەمای ڕێککەوتی تایبەتی زانین دامەزراوە، ئەو هەڵوێست و لێهاتووییانەی تاک لە تاکەکان بەدەستی دەهێنێت. ڕۆڵی تاک بەزۆری پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەوانی ترەوە.( (https://adabbook.yoo7.com/t577

**2- ئامێری شمشاڵ:**

ئامێرێکی موزیکیی فووداری شێوە لوولەییە، لە قامیشی خۆڕسکی وشك و کانزا دروست دەکرێت و هەردوو لای کراوەیە لەسەر ڕووی پێشەوەی ئامێرەکە، لە شەش کون و لە ڕووی پشتەوەی کونێك هەیە، بەهۆی فوو تیکردنی ڕاستوخۆی بەلێواری کونی سەرەوەی بەرامبەر لێوەکانی ژەنیار و جولاندنی پەنجەکان، لەسەر کونەکانی سەر ڕووی ئامێرەکە بە ڕیتمێکی ڕێکخراو دەژەندرێت.

**3- کۆمەڵگەی کوردی:**

کۆمەڵگە، ئەگەر وەک: قەوارەیەکی بەکۆمەڵ لەمرۆڤەکان، پێناسە بکرێت، بریتییە لە تۆڕێک کارلێک و پەیوەندییە هەمیشەییەکان لەنێوانیاندا و تاڕادەیەک جێگیر، کە ڕێگە بە بەردەوامبوونی ئەم بوونە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و مانەوە و نوێبوونەوەیە لە کاتوشوێندا دەدات. ئەم پێناسەیە بۆ گەلی کورد وەک: هەر کۆمەڵگایەکی تری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەو پێکهاتە بنچینەییانەی، کە لەبەردەستیدایە لەپێکهاتە سەرەتاییەکان، وەک: نیشتمان، ژینگە، دانیشتووان، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکانی، کە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ یەکتر و کۆمەڵگەکانی دیکەدا کارلێکیان هەبووە.
( https://www.aljazeera.net/2006/05/23)

**8-1 پێداچونەوەی کارە پێشینەکان: -**

توێژەر هیچ توێژینەوەکیان نە دۆزیتەوە، کە بە زانستی و ئەکادیمی باسی ئامێری شمشاڵی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردبێت.

**2-1 ناوی ئامێر:**

وشەی شمشال بەرامبەر ناي فارسی هاتووە، وەک (دکتۆر حسین عەلی مەحفوز) لە فەرهەنگی موزیکی عەرەبی دا دەڵێت: ئەم ئامێرە لە زمانی عەرەبی ناو دەبرێت، بە قەسەبە یان شەبابە یان مزمار. ئامێری شمشاڵ، چەندین ناوی لە خۆ گرتووە و بەشێوەی جیا جیا و ئەم ناوانە تایبەتن بە جۆرەکانی ئامێری شمشال، کە هەر جۆرە و ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە. هەندێك جۆر بێ ئەوەی جیاوازیش بێت ناوی تایبەتی لێنراوە، بەپێی جوگرافیای ئەو ناوچەیەی کە ئەم ئامێرەی لێ بەکار دێت. (مەحفوز،1964،لا 45).

ئەو ناوە بەناوبانگانەی لەوڵاتانی جیهان بەکارهینراون، بۆ ئامێری شمشاڵ بەم شێوەیەن لەوانە:
القصبة -الشبابه- شمشاڵ.(ئەحمەد،1989،لا106) نەی- نای- لولي- ئالە- کەڤال. (حویز،2015،لا62)
السورناي- ناي-المزامير- الزمخر.(رشید، 2000، ص 249) القصابة – منجيرة.(https://arab-ency.com.)

**2-2پێناسەی ئامێر:**

ئەم ئامێرە لە قامیشی ناو کلۆر پێکدێت، فوو یەکسەر(واتە بێ پیکە) پێدا دەکرێت و ئەو کونەی دەکەوێتە بەرامبەری دەمی شمشاڵژەن. ئەم ئامێرە پێوەری نەگۆڕاوی نیە. پێکهاتووە لە (بۆرییەکی –

لولەیەکی) ستوونی، کە هەردووسەرەکانی کراوە، دەمی سەرەوەی کەمێک تەنکە، لە کەرەستەی جیاواز وەک: دار و کانزا دروستکراوە، هەروەها کۆمەڵێک کون لەخۆدەگرێت، کە لە شەش یان حەوتەوە دەست پێدەکات جگە لەو کونەی لە ڕووی دواوەی. شمشاڵ بە دۆخی لار دەژەنرێت و بەرەو خوارەوە دەکێشرێت. (ئەحمە،1989،لا106)

**ئامێری شمشاڵ**:

ئەو ئامێرەیە کە بەهۆی فوو تێکردنی ڕاستەوخۆ بە کونی سەرەوەی ئامێرەکە، کە بەتەواوی بەتاڵە و هەردوو سەری کراوەیە دەنگی لێ بەرهەم دێت، بەهۆی لێوەکانی ژەنیار کە دەیخاتە سەر لێواری کونی سەرەوەی ئامێرەکە و فووتیکردنی بۆ ناو لولەی ئامێرەکە ئەمە. دەبیتە هۆی شکانەوەو بایە فیشاردراوەکە دەنگەکەی لێوە دەردەچێ. (د. جودت،2012، ص62-63).

**2-3 وەسفی ئامێر:**

شمشاڵ یەکێکە لەکۆنترین ئامێرە موزیکییەکان و یەکەم دۆزینەوەی مرۆڤی سەرەتایی ئامێری ڕەزمییەکان بوو، پاشان ئامێرە فودارەکان، لەوانەش ئەوەی لەڕووەکی قامیش دروستکرابوو وەهەندێکیان لە قۆچی ئاژەڵ ئەم ئامێرانە بە درێژایی سەدەکان لە ڕێگەی شەڕەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بڵاوبوونەتەوە وئەم ئامێرە بەکارهێنراوە و بەردەوام بوو لەچاخە یەك لەدوا یەکەکان شێوەو فۆڕمی جیاوازی هەبووە، لەوانە: ئامێری شمشاڵی دوو کونی و سێ و چوار کونی، هەتا ئەم شێوەی ئێستای کە شەش کونی ڕووی پێشەوەی و کونیك لە ڕووی دواوەی ئامێرەکەیە بەدرێژایی و مرۆڤی کۆن بە شێوەیەکی سەرەتایی ئامێرەکانی دەناسی، هەرچەندە شمشال یەکێکە لەو ئامێرانەی کە لە سەردەمی ئێمەدا بەکاردەهێنرێت. (الكبيسي،2007، ص72).

بەڕای توێژەران هەمیشە خاوەن بەهایەکی تایبەت بووە لە ناو نەتەوە جیاجیاکاندا، شمشاڵ لە هەموو شوێنەکانی کوردستان هەبووە و بینراوە. ئەم ئامێرە لە لای کورد برەویکی زۆری هەیە، لەوانەیە لەگەل بارو دۆخ و ژینگەی کوردستان گونجاوبێت و هۆکارێکی تریش ئەوەیە، کە ئەم ئامێرە لەگەڵ ئاوازە کوردییەکان گونجاون، ئەم ئامێرە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان پێشوازی لێدەکرێت و هەمیشە هاوڕێی شوانەکانی کوردستان بوە ئاوازی جۆراوجۆریان پێ ژەنیوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو تایبەتمەندی هونەرییەی، کە ئامێری شمشال (نای) جیا دەکاتەوە لە ئامێرە موزیکییەکانی تر، ئەوەیە کە وای لێکردووە لە ڕووی تۆنەکان و سروشتی میلۆدییەکانیەوە ئامێرێکی ناوازە بێت لە جۆری خۆیدا، پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگ لە شمشاڵ (نای) وەک: ئامێرە فوودارەکانی تر نییە. چونکە پیکی نییە شمشاڵژەن بەشێوەیەکی ئەندازیاری، ئەو دەنگە دەر دەکات: بۆیە تۆنەکانی بە هەست و ڕۆحی ئەو ژەنیارە دەردەچن، لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین، کەئامێری شمشاڵ بەجوانی ئاوازەکانی جیادەکرێتەوە. هەروەها تایبەتمەندییەکەی لە سەختی ژەنیندا دەبینینەوە. (الحلو،1989م. ص1954).

### 2-4 مێژووی ئامێری شمشاڵ:

ئەم ئامێرە نەوەی ئامێرە فوودارە سەرەتاییەکانە مێژووەکەی زۆر کۆنە لە کوردستان دا، سەبارەت بە مێژووی دێرینی ئەم ئامێرە موزیکییە لە سەر خاکی کوردستان د. (کۆزاد پسپوڕی) شوێنەوار لەم بارەیەوە دەڵێت: لە بواری ئەم جۆرەدا چاوەڕێی شتی زۆر ناکرێت، بەڵام بە پێی ئەوەی، کە شارستانی لە کوردستان سەریهەڵداوە و دواتر لە وێوە بۆ ناوچەکانی تر گوازراوەتەوە، دەبێت موزیك و ئامێری موزيك لە سەردەمانیکی زۆر زووەوە لە کوردستان هەبووبێت، تەنانەت پێش ئەوەی شارستانی سومەر و ئەکەد و بابل و ئیلام وفارس ئەنەدۆل دەربکەون کۆنترین ئامێری موزیکی کوردستان ئەو شمشاڵانەن، کە لە ئێسك دروستکراون لە گردی تەپە گەورە دۆزراونەتەوە ( تەپە گەورە: لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵە ئەم گردە لە دەشتی نێوان موسڵ و ئاكرێیە) لەنێوان ساڵی 1937- 1938 کنەو پشکنینی بۆ کراوە لەچەند چینێك بەشێوەیەکی باش کنە و پشکنینی بۆ کراوە و چەند بەڵگەیەك لەسەر شارستانییەتی سەردەمەکان دۆزراوەتەوە، لە چاخی مسییەوە، تاوەکو هەزارەی دووەمی پێش زایین. (بارۆلد،1980،ص347). ئەمانە هی چەند سەردەمێکن، کۆنترینیان لەچینی 17 دا دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ (4500 ساڵ پ.ز.) دەگەڕێتەوە سێ دانە دۆزراونەتەوە کە شێوەیان بەمجۆرەیە.

1- هەندێك لەم شمشاڵانە دیواریکی تەنك بەباری درێژی بۆ دروست کراوە بۆ دابەشکردنی لولەکە لە ناوەوە بۆ دوو بەشی درێژ، کەنازانرێت ئایا ئەمە بۆ دەنگێکی جیاوازە یان دوو دەنگ بووە، یان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها سەرە شمشاڵە ساغەکانیش دوو کونیان تێدا سەرەکەی تریش، کە دەمی پێوە ئەنرا ئەستوور ترە.
2- شمشاڵە هەرە کۆنەکان دیواری دابەشکردنیان بۆ دروستنەکراوە، بەڵام ئەوانی سەردەمەکانی تری ئەم شوێنەوارە بۆ نموونە ( ئەوەکانی چینی 12- 15) کونیان تێدا کراوە بۆ دەرکردنی دەنگی جیاواز، بۆیە کەلەلایەن شوێنەوار ناسەکانەوە دۆزراوەتەوە پێان دەڵێن: فلوت.
3- دانەیەکیان کونێك لە سەرەوەو کونێك لە ژێرەوەی بۆ دروستکراوە هەردوکیان لە نزیك سەر پەڕەکەیەوە، کە دابەشکراوەن لە لەشەکەشی چوار کون کراوە، دووان لە سەرەوە دووان لە لاوە
5- دانەیەکی تریش کونی بۆ کراوەـ و زۆربەشیان خەتیان تێدا هەڵکەندراوە بۆ ئاسانکردنی گرتنیان و هەڵنەخلیسکاندیان.(Tabler, .1950,op.15)

**2-5 جۆرەکانی ئامێری شمشاڵ:**

1- شمشاڵی قامیش لە 8 (گری- قەف) پێکهاتووە.
2-شمشاڵی قامیش لە 1 (گرێ- قەف) پێکهاتووە.
3- نای (نەی) جۆرێکی ترە لە ئامێری شمشال لەقامیش گری دار دروست دەکرێت.
4- شمشاڵی ئاسن.
5- شمشاڵ زەرد لە کانزای زەرد دروستکراوە.
6- شمشاڵ فافۆن لە کانزای فافون دروستکراوە.
7- شمشاڵ نایلۆن. لە ماددەی نایلۆن دروستکراوە
8- شمشاڵ لە دار دروستکراو.کەڤاڵ- شباب دوو جۆرە.
أ-کەڤال دروستکراو لە دار.
ب- کەڤاڵ دروستکراو لە نایلۆن ( حویز،2015، لا 63).

**2-6چۆنیەتی ژەنینی ئامێری شمشاڵ:**

شمشاڵ یەکێکە لە گرنگترین ئامێرە موزیکیەکان، کە تەختی ڕۆژهەڵاتی پێکدەهێنێت و پرۆسەی دروستکردنی دەنگ لە ئامێری شمشاڵدا، وەک: ئامێرە تەختەییەکانی تر نییە. هیچ جۆرە پیکێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نییە، موزیکژەن ئەو کەسەیە، کە ئەم دەنگە دروست دەکات: بەشێوەیەکی ئەندازیاری لێوەکانی بەشێوەیەکی لار دەیخاتە سەرکونی سەرەوەی ئامێرەکە بۆ لای سەرو، یان لای راست فوو دەکاتە کونی ئامێرەکە واتە فوکردن بەکونی سەرەوەی شمشاڵەکە و جولاندنی پەنجە لەسەر کونەکانی بەپێی جوری ئاوازەکە. (حویز، 2015، ص67).

شمشاڵژەن لەکاتی ژەنیندا دەستی چەپی لە سەرووی و دەستی ڕاستی لە خوارووی ئامێرەکە دادەنێت، بەشێوەیەك، کە هەردوو سەری لوولەکە- بۆڕیەکە کراوەیە دوای ئەوە لای ڕاستی ڕووی لێوەکانی خۆی دەخاتە سەری، هەوای دەمیشی دەکاتە کونی سەرەوەی ئامێرەکە، بۆ ئەم کارە سوود لە دەنگی خۆشی وەردەگیرێت. دەنگی خۆت دەخەیتە ناو بۆڕیەکە. ژەنیارێکی لێهاتووی شمشاڵ بەجۆرێك ئامێرەکە دەژەنی بە درێژایی کاتی ژەنینەکە، دەنگی ئامێرەکە هیچ کاتێك هەستی پێ ناکەیت، کە بپچڕێت  بۆ ئەم کارەش ژەنیار هەوا لەناو دەم و لێوەکانی کۆ دەکاتەوە بەردەوام لەڕێگای لووتەوە سیەکانی پڕ دەکات لە هەوادا، ئەوهەوایەی بەکارهاتوە و بە فیرۆ چووە پڕدەکاتەوە. لە ژەنینی ئامێرەکانی تر وەك زوڕناو، دووزەلەو باڵەبان ئەم کارە ئەنجام دەدرێت لە کوردستان بە زاراوەی میللی بەم کارە دەڵێن: (بەین خواردنەوە یان پشی خواردنەوە) (نەسرولا پوور،2007،186) * ژەنیار  پەنجەکانی دەستی بەکار دەهێنێ لەسەر شەش کونەکەی ڕووی پێشەوەی ئامێرەکە بۆ دەرخستنی دەنگەکانی ئاوازەکەی دەیژەنێ، بەهۆی پەنجەکانی دەستی چەپ، یان ڕاست بەو شێوەی، کە ژەنیار ئامیرەکەی دەگری(حویز، 2015، ص67). بۆیە تۆنەکانی بە هەست و ڕۆحی ئەوژەنیارەکە دەردەچن لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە ئامێری شمشاڵ، وەک چۆن بە جوانی ئاوازەکانی تایبەتمەندە، هەروەها تایبەتمەندی خۆی لە سەختی ژەنینیدا دەبینێتەوە. (السني،، ص166).

---

بەین خواردنەوە یان پشی خواردنەوە، کردارێکە ژەنیاری ئامێرە فووداەکان ئەنجامی دەدەن لەکاتی ژەنینی ئامێرەکەیان ئامێر ژەن بێ ئەوەی بهێڵێ دەنگەکە پچرپچڕ ببێ هەناسە هەلدەکێشێت بە لووت و دەم سیەکانی  پڕدەکات لە هەوا  بۆ دروستکردنی دەنگ لە قامیشەکە بە بەردەوامی واتە نابێت ئەو فووەی لەئامێرەکە دەکرێت پچڕپچر بێت هەروەها دەبێت هەناسە بە لووت هەڵمژێت بە شێوەی پشی خواردنەوە بۆ بەردەوام بوونی ژەنینەکە. *

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-7 دروستکردنی ئامێری شمشاڵ:**

ئامێری شمشاڵ پێك هاتووە لە قامیشیکی وشك، کە هەردوو سەری کراوەیە 8 هەشت گرێ و 9 نۆ میانە لەخۆ دەگرێت و شەش کون لەڕووی پێشەوەو یەك کون لە ڕووی پشتەوە هەیە لە ڕوەکی (قامیش)ی خۆرسك وەرگیراوە، بۆ ئەوەی ئامێری موزیکی لێ دروست بکرێت.

سەرەتای دروست بوونی ئامیرە فوو ویستەکان دەڵیین لە دێر زەمانەوە کەسانیك، کە بەهرەی موزیکیان هەبووە و کاتیك بە نزیك قامیشەڵانەکاندا ڕەت بوونە گوێیان  لە هەندێك دەنگی موزیك بووە، دەنگەکان لەو قامیشە وشکبووانەوە دەرچوونە کاتیك با بەناو کلورییەکاندا گوزەری کردووە، ئەو مروڤە بەهرەمەندانە هاتوون لاسایی ئەو کارە سروشتییەیان کردۆتەوە. میللەتی کورد بەیەکەمین ئەو میللەتانە دادەنریت، کە ئامیری شمشالی بەکار هیناوە ئەمەش، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بووە  کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی بووە ئاوی کانی و جۆگەو ڕووبارو زێ و کارێزو گۆمی هەبووە بەهۆیەوە ناوچەکە ڕووەکدار بووە شوانەکان لە قەمیشەڵانەکانەوە قامیشیان هیناوەو ئامێری شمشاڵیان دروسکردووە بۆ هەموو بۆنەکانیان بەکاریان هیناوە . (ئەحمەد،2016، لا81).

دروستکەرانی ئامێر جۆرێک لە قامیش هەڵدەبژێرن، کە پێی دەوترێت (مێینە)، واتە تیرەکەی فراوانە بە بەراورد بە قامیشەکانی تر کە لەو شوێنەدا  دەڕوێت وگەشە دەکات، بە مەرجێک دواتر بەرهەمی بهێنێت، بە لەبەرچاوگرتنی درێژییەکەی و ئەو ناوچانەی کە شوێنی کونەکانن، ژمارەیان لە نێوان شەش بۆ هەشت کوندایە.(https://www.aps.dz/ar/culture)

**کەرستەکانی پەیوەست بەدروستکردنی ئامێر:**

1- بوڕیەك (لولەیەك) ی لە دار دروستکراو باشتر وایە لە قامیشی شەکر بیت، لەبەر ئەوەی ئاسانە بۆ کونکردن.

2- دڕێلی دەست.

3- مشار بە پێوری بچووك.

4- ڕاستەی ئەندازەیی یان پێوەر.

5- چەسپی غەرەی شل و بەهێز (https://baytdz.com).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شێوازی دروستکردنی شمشاڵ:-**

1- ئامادە کردنی پارچەیەك لە قامیشی شەکری ناو کلۆر و وشك بەشێوەیەکی باش.

2- دەستنیشانکردنی چەند شوێنێك لەسەر قامیشی شەکرەکە، بەهۆی ڕاستەی ئەندازەیی بە پێوانەی ۳۷ سم. یان چەند پێوەریکتی تر کە پەیوەستە بە دەنگەوارەو جۆر و قەبارەی تری شمشاڵەکە.

3- بڕینی پێوانە دیاریکراو بە مشار بەشێوەیەکی ورد دەبێ دڵنیابی لەوەی، کە قامیشی شەکرەکە لەکاتی بڕینەوەی دووچاری هیچ شکاندنێک نەبوویت.

4- کونکردنی شەش کون لەسەر قامیشەکە بە دڕێلی دەستی دەبێت پێویستە بە مەودایەکی - کورت لە یەکترەوە دوور بن، و بۆ کونکردن لە ناوەڕاستی قامیشەکەدا، تا سەرەتای و کۆتایی قامیشەکە بە بەتاڵی لە کون بهێڵێتەوە کونێکیش لەڕووی دوواوەی ئامێرەکە، بەپێی ئەو پیوەرەی ،کە شمشاڵ بۆی دانراوە ئەنجام دەدرێت.

**5**- بڕینی قامیشە شەکرە بچووکەکە لە قامیشە سەرەکیەکە، کە بۆ دروستکردنی ئامێری شمشاڵی و دەخرێتە ناو کوتایی قامیشە سەرەکییەکە، و بەیەکەوە دەچەسپێندرێت بە چەسپی غەڕە، تاوەکو بە شێوەیەکی باش پێوەی دەنووسێ و دەبێ لەوە دڵنیابیین، کە بڕە (چەسپەکە- غرەکە) کونی شمشاڵەکەی دانەخستبێ.

6- شمشاڵەکە بەجێ دەهێڵدرێت، تاوەکو چەسپەکە وشک دەبێتەوە و ئامادە دەبێت بۆ ژەنیین.(https://baytdz.com)

لەناو ئێزیدییەکان شەبابە لەداری زەردەلوو (قەیسی) دروست دەکرێت ورەنگی ئەو وەك ڕەنگی داری ساجە درێژییەکەی نزیکەی (45) سم تیرەکەی (5) سم حەوت کون لەسەر ڕووی سەرەوەی هەیە و یەك کون لە بنی ئامێرەکە هەیە و لە کوتای ئامێرەکە دوو کون هەیە، هەروەها هەندێك کونی ترهەن کە بەکار دێت کونەکانی بەگشتی (12) کونن.( (سلیمان،،2013،ص179).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-8 پێوانەکانی ئامێری شمشاڵ ( نای):

| | شمشاڵ | نای |
|---|---|---|
| ١ | سێ گرێ تێناپەڕێنێ. | هەشت گرێیە. |
| ٢ | ژمارەی کونەکانی شمشال لەنێوان شەش بۆ هەشت کونە. | شەش کون لەڕووی پێشەوە |
| ٣ | مەودای نێوان کونەکان نیمچە یەکسانە. | مەودای میانەی نێوان کونەکان یەکسانن تەنها میانەی نێوان کونەکانی سێەم و چوارەم نەبێ لە رووی درێژیەوە. |
| ٤ | شوێنی کونی پشتەوە بەرزترە لەشوێنی پێشەوە، یەکەمیان دەکەوێتە نزیك کونی فوو پیاکردن بەپێوانەی خەملێنراو (١-٢)سم. | پێویستە شوێنی کونی پشتەوە لەناوەند بیت، یان توزێك بەرز تربێت نابێ بکەوێتە خوارووی هێڵی ناوەن. |
| ٥ | درێژی ئامێری شمشاڵ نێوان(٤٠ – ٤٣.٥ سم. | درێژی نایەکان لە نێوان (٣٢.1 – ٦٥سم). |

## 2-9 دەنگەوارەی ئامێر:

نزمترین (دەنگ- نغمة) لە ئامێری شمشاڵ ($e^1$) وە بەرزترین (دەنگ- نغمة) ($g^{\#2}$) وە. واتە ئۆکتاڤێك و دوو دەنگ.



## 2-10 بەکارهێنانیشمشاڵ لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا.

دەتوانین ئەوئاوازانەی، کە بە ئامێری شمشاڵ دەژەندریت بیکەین بە چەند بەشێکەوە:-

### 1- بەکارهێنانی شمشاڵ لە بۆنە شادییەکان:

ئەو ئاوازانەن، بەگشتی لە بۆنەکانی بووك گواستنەوە، باوبووە، بە سەرنجدان بەرەزمی خێراو بەجۆش، کە زیاتر جیگەی پەسەندی گەنجەکانە. ئەم ئاوازانە لەگەڵ گروپی هەڵپەڕکێی کوردی بەگشتی، کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێن دەژەنرێن، بریتین لەو هەڵپەرکێیانەی کە باون لەکوردستان بەپێی ناوچەکان وەك سێ پێیی چەپەیی و گەڕیان... (نەسرولا پوور،2007،لا 184)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامێری شمشاڵ لە ناوچەکانی کوردستاندا بەکارهێنانی زۆر بەربڵاو بوو شمشال ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە مێژوو و کولتوور و فۆلکلوري گەلی کوردا هەیە. شمشاڵ لەزەماوەند و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت، وەک: هاوسەرگیری و شەوی خەنەبەندان لە گەشت و گوزاردا، لەکاتی کارکردندا، لە کۆبوونەوەی شەوانەدا، لە میوانخانەکانی کەسایەتییە بەرزەکاندا شمشاڵ بەتەنها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، یان بۆ یاوەری گۆرانی و سەماکردن لە سەمای هەڵپەڕکێدا هەروەها لەکاتی پشوو وەرگرتی گۆرانی بێژەکان بۆ بەردەوامی هەڵپەڕکێ. (محمد،2013،ص25).

لەبۆنە خۆشییەکاندا، وەک ئاهەنگی هاوسەرگیری، بەزۆری شمشاڵ دەژەنن، کە ئامێری زەربیشیان لەگەڵدایە(دائیرەو، تەپڵ یان زەرب، سەنج).

لەو شوێنانەی کە ئامێرەکە بەزۆری لەلایەن شوانەکانەوە لەشاخ و دەشت و دۆڵەکاندا بەکاردەهێنرێت. و(نەسرولا پوور،2007،لا184)

توێژەران پێیانوایە شمشال (شەبابە- نای) ئامێرێکی موزیکی پیرۆزە، لای کوردانی ئێزیدی لە ڕێورەسم و جەژنە ئاینییەکانیاندا بەکاری دەهێنن. ئەم ئامێرە لە تەکییەکانیشدا بەکاردەهینرێت، لەشەوانی بۆنەی زیکردا.

**2- بەکارهێنانی ئامێری شمشاڵ لە بۆنەی ماتەمینی:**

ئەم ئاوازانە بەڕەزمی هێواش و غەمەوە دەژەندرێت، گرینگترین ئەم ئاوازانە (سەحەری-چەمەری)، کە دەربڕی لە دونیا دەرچوونی کەسێکە" بانگهێشت کردن بۆ هەڵسان لە خەو لە ناکاو بە ئاگاهینانەوە لەنقووم بوون لە چێژی دنیا دەبێت، و هەروەها شمشاڵ ژەنیین لە بۆنە ماتەمینییەکانی هەورامان هەر کاتێك لە ناوچەیەکدا یەکێك کۆچی دووایی بکردایە لە (کازیوە)ی دەمەو بەیانی ژەنیاران ئامادە دەبوون، دەستیان دەکرد بەژەنینی شمشاڵ و دەف و ئاوازی سەحەری خەڵك بە بیستنی ئەم ئاوازە لە مردنی کەسێك ئاگادار دەبوونەوە. لە ڕاستیدا ئەم ئاوازە بۆهێنانەوە یادی لە دنیا دەرچوونی کەسێکەوە وهەروەها لەکاتی بەخاکسپادنی کۆچکردوو، شمشاڵژەنەکان بەهاوبەشی لەگەڵ دەف، ئاوازی چەمەری دەژەنن ئەم ئاوازە ڕەزمیکی قورسی هەبووە خەمێکی بێ وێنە ئەکێشێ بە سەر ئامادەبووان. (نەسرولا پوور،2007،لا187-188)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3- بەکارهێنانی شمشاڵ لە بوواری کەلتووریدا:**

توێژەران پێیانوایە:

شمشاڵ یەکێکە لە ئامێرە موزیکییە دێرینەکان، دەنگێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت. ڕۆژهەڵاتییەکان شمشاڵیان لا ئاشنابووە و ناسیویانە، بەکاریان هێناوە لە بۆنەو ڕێوڕەسمە جیاجیاکان، گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بەیەکەمین ئەو گەلانە دادەنرێن ئەم ئامێرەیان بەکار هێناوە، کە پەیوەست بووە بەکەلتور و هونەرەکەیان هیچ بۆنەیەك نەبووە ئامێری شمشاڵی تێدا بەکار نەهاتبێت، ئەمەش وایکردووە بەکاربهێنرێت لەگشت بۆنە فۆلکلۆری و کلتوریەکانیان لە ناو تیپە موزیکیە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو گێڕاوە بەشدار بووە لە ئەنجامدانی ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و بۆنە جۆراوجۆرەکان. ژەنینی ئامێری شمشاڵ لە بۆنە کلتوریەکان بەتایبەتی لە دیوەخانەکان لەکاتی بەخیرهاتنکردنی سەرۆك هۆز و پیاو ماقولان لە لەکاتی حەیران و لاوك بێژی و رم بازی و سوارانێ هەروەها سەیران.

لەکاتی ئیش و بێ ئیشیدا و هەڵپەرکێ و زەماوەندو بووك گواستنەوەو نەورۆزو خەتەنە سوران خەنەبەندان لە ماڵ یان لە دەرەوە لە ناو باخ لە گشت بۆنە شادییەکان شمشال ژەندراوە.(کاکەیی،2006، ل 59-60).

ئامیری شمشاڵ لە کۆبونەوەی شەوانە دەژەندرا بەتایبەتی لە گوندەکان هەروەها لە بونەی هاوسەرگیردا لەگەڵ هەڵپەڕکێ دا. دوو شێوازی لە هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی کوردەواری ئەنجام دەدرا، بەتایبەتی لە گوندەکان هەندێ جار لەنێوان دوو خێزان لە یەك گوندا ڕوویدەدا و، هەندی جارییش لە نێوان خێزانی دوو گوندی جیاواز ڕۆژی گواستنەوەی بوکەکان هەردوو خێزان لەسەر شوینێك ڕازی دەبوون بوەستن لەخاڵی بەیەك گەیشتن بووکەکانیان دەگۆڕیەوە، هەر خیزانەو بەرەو گوندەکەی خۆی دەگەڕایەوەو بە هەڵپەڕکی وگۆرانی لەکاتی حەسانەوەی گۆرانی بێژ شمشاڵ ژەن یان دوو شمشاڵ ژەن هەڵدەستا بەژەنیین بە نۆرە شمشاڵکەیان دەژەنی یارمەتی یەکتریان دەدا بۆ ئەوەی هەڵپەڕکێیەکە بەدەوام بێت. (محمد،2013،ص18).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- بەکارهێنانی شمشاڵ لەبواری ئاینیدا:**

شمشاڵ دەنگێکی زۆر پاك و بێگەرد و ئارام بەخشی هەیە، لەتەکیە و خانەقاکانی کوردستان لەگەڵ دەف دەژەندرێت، کاریگەرییەکی عاریفانەی تایبەتی لەسەر کۆڕی مەولود خوێنی و دەروێشەکان بەجێ دەهێڵێت، کە شتێکی پڕ لە مەعنەوی دروست دەکات. ئەم ئامێرە بەشێوەیەکی بەرچاولە کوردستان بەکار دێت. ئەگەر لە تەکیەدا پێویستیان بە میلۆدی ئامێرێك بێت، ڕابەرانی تەرِیقەتی قادری ڕاستەوخۆ سوود لە شمشاڵ وەردەگرن، دەنگەکەی بە گونجاو دەزانن، کە گوایە کاریگەری خراپی نییە، لەبەر چاوی پەیڕەوانی ئەم تەرِیقەتە شمشاڵ سومبوڵی ڕاستگۆیی و پاکییە. (نەسرِوڵا پوور،2007،لا186)

توێژەران پێان وایە لە ناو ئاینەکانی جیاوازەکانی تریش هەندی رێورەسم هەیە، لە گەڵ ژەنینی ئامێری شمشاڵ ئەنجام دەدرێت بەتایبەتی لە ناو ئاینی ئێزیدی لەکاتی جەژنەکانی تایبەت بەم ئاینە وهەروها لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی سەری ساڵ وبۆنە ماتەمینییەکان ئامیری دەف و شمشاڵ دەژەندرێت.

دەروێشەکانی تەرِیقەتی قادری لەشەوەکانی سیشەممەو هەینی، لە تەکییەکاندا کۆدەبنەوە بەرامبەر بە خەلیفە (گەورە ڕابەر)، لەگەڵ دەنگی دوو تەپڵەو تاس و دەف و شمشاڵ بەدەنگێکی بەرز دەست دەکەن بە دووعا.  لەم کۆڕانەدا، شمشاڵژەن ئەوپەڕی هونەری خۆیان لە کاتی زیکردا دەنوێنێ بۆ حاڵ لێهاتنی دەروێشەکان لەو کاتانەدا شمشاڵژەن بە ژەنینی میلۆدییە غەمناك و دڵگیرەکانی جۆش و خرۆشێکی تایبەت بە کۆڕەکە دەبەخشێت. (نەسرِوڵا پوور،2007،لا 186)

بۆ یاوەری سروودی ئایینی بەکاردێت، شەمشال گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ خەڵکی ناوچەی هاورامان، وەک بۆنە دابونەریتیە عیرفانیەکان و (خودا پەرستن) و بۆنەی پرسە،

**5- بەکارهێنانی شمشاڵ لە کۆڕی بەیت بێژی:**

لەهەندێك ناوچەی کوردستان کۆڕی بەیت بێژی و گۆرانی ساز دەکرێت لەو کۆڕانەدا موزیکی کۆن، لەگەڵ شمشاڵ پێشکەش دەکریت موزیکی ناوبراو جۆرێکە لە ئاوازی بەهاری، کە بە بۆنەی دەسپێکردنەوەی بەهار و زیندووکرنەوەی سروشتە سەر لەنوێ سروشت لە چوارچێوەی بۆنە

جیاجیاکان لەوانە بووك گواستنەوە بە ڕەزمێکی تایبەتی پێشکەش دەکرێت، ئامادەبووان بە هەڵپەڕکێ بەبەردەوامی لەگەڵ گۆرانیبێژ دەڕۆن. (نەسرۆڵا پوور،2007،ل186)

**6- بەکارهێنانی شمشاڵ لەبواری شوانکاریدا:**

شوانەکانی کوردستان لەژەنینی شمشاڵدا توانایان هەبووە لەو بڕوایە دابوون، کە بەبێ شمشاڵژەنین مەڕەکان بەپێی پێویست مەڕەکانیان گەشەناکەن و هەندێکجار بینراوە شوانەکە بەدەنگی خۆش و دڵگیر مەڕەکانی بردۆتە شوێنی مەبەست.

تویژەران پێانوایە بەکارهێنانی شمشاڵ بۆ چەند بواری تریش بەکار هێنراوە، وەك ژەنینی جۆرە ئاوازێك کە بە هاوارە بەلۆ ناودەبرێت، کە لە دێر زەمانەوە شوانەکانی کوردستان ئەمجۆرە ئاوازەیان ژەنیوە هەرکاتێك ڕانە مەڕەکە تووشی مەترسییەك بووبێت، بەتایبەتی لەکاتی هێرشکردنی ڕەوەگورگ ئەم ئاوازە ژەندراوە بۆ بەهاناچوونی خەڵکی ئاواییەکە و ڕزگار کردنیان. هەروەها لەکاتی بێکاری و سەرگەرمی شوانەکەو هەروەها بۆ خۆ پاراستن لەکاتی شەڕکردن هەروەها کاروانچییەکان و کۆچەرەکان بۆ لەبیربردنەوەی سەختی و ماندوویی ڕێگا، بەرزکردنەوەی ورە و خۆڕاگرتنی وڵاخەکانیان لە کاتی ڕۆیشتندا شمشاڵیان ژەنیوە، وەك تێڕوانینێکی مەیدانی هەندێك لەخەڵکی گوندەکان شمشاڵیان بەکاردەهێنا. لەکاتی مانگا دۆشین بۆ ئەوەی کاری دۆشینی مانگاکە ئاسان بکات. زۆر بڕوایان بە کاریگەری شمشاڵ هەبووە.

**7- بەکارهێنانی شمشاڵ لە بواری تەندروستیدا:**

لەدێر زەمانەوە باسی ئامێری شمشاڵ کراوە بۆ چارە سەری نەخۆشی بەکارهاتووە، بە تایبەت نەخۆشییە دەروونییەکان و کۆمەڵێ نە خۆشی تر ئەگەر لە ماڵێك یەکێك لە ئەندامانی خیزانیك تووشی نەخۆشی تیفۆ(تیفوئید یان مەلاریا) (نەسرۆڵا پوور،188،2007) بووایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشە چەند شەوێك شمشاڵ ژەنێکیان بانگ دەکرد لەلای سەری نەخۆشەکە دادەنیشت و ماوەیەك شمشاڵی دەژەند بەهۆی ئەم ژەنینەوە نەخۆشەکە هەستی بە ئارامی دەروونی دەکرد و نەخۆشییەکەی لە گیان دەردەچوو. (حویز،2015، ص65). هەروەها شمشاڵ بۆ نەخۆشیەکانی تریش وەك زەردوو و نەخۆشی پێست و نەخۆشیە دەروونیەکان وەك خەمۆکی دڵە ڕاوکی بەکار دەهێنرا وەك دەرمانێکی چارە سەر کاریگەری هەبوو. (هەورامی،2008،ل28).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەران پێانوایە ئەو سەنتەر و نەخۆشخانە جیهانییانەی لەم سەردەمە دامەزراون، بۆچارەسەری نەخۆشی و بواری زانستی تری کاریگەری باشیان هەبووە و بەدەسهێناوە، بۆیە ئێستا لە وڵاتانی جێهان گرینگییەکی زۆر بەم لایەنە دەدەن بۆ چارەسەری نەخۆشی و بوارەکانی تری.

**8- بەکارهێنانی ئامێری شمشاڵ لە گرووپە موزیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان:**

توێژەران پێیانوایە ئامێری شمشاڵ گرنگییەکی زۆری هەبووە لە ناو تیپە موزیکییەکانی کوردستان و یەکێکە لە ئامێرە سەرەکییەکانی ناو گرووپە ڕۆژهەڵاتیەکان، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەشداریکرن لەگەڵ ئاواز و گۆرانییەکان و بەرەو پێشبردنیان وەك: ژەنینی (سۆلۆ- تاکژەنی- یاوەری و هاوڕاییکردنی گۆرانی بێژ- ترجمە – دووبارە کردنەوەو لێدانی هەموو داینامیك وتەکنیکەکانی پەیوەست بەم ئامێرە. هەروەها بەشداری کردن لە ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و بۆنە جۆراوجۆرەکان دەوریکی بەرچاوی هەبووە. ئامێری شمشاڵ گرینگیەکی زۆری پێدراوە لەڕووی دروستکردنی هەڵبژاردنی جۆری قەمیشەکە چۆنیەتی دروستکردنی هەندێ پارچەی تری بۆ زیادکراوە و پێوە چەسپاندنی هەندێ پارچە کەلە کانزا دروستراوە، بەلای سەرەوەو خوارەوەی ئامێرەکە بۆ ئەوەی پارێگاری لێبکات لە شکاندن. هەروەها پارچەی تر، کە لە نایلۆن دروست دەکرێت، کە بەسەری ئامێرەکە دەلکێندرێت لەکاتی بەکارهێنان ئەمەش بۆ ئاسانکردن و خۆشی ژەنیین ئامێرەکە بەکاردێت.

شمشاڵ ژەن لەژەنینی چین و مقامی جیاجیای موزیك و لەگەڵ تیپی موزیکییدا، دەتوانێ بەشداری بکات، هەرەندە ئەم شمشاڵ ژەنە بۆ ئەوەی ئەمکارە ئەنجام بدات، دەبێ سێتێك شمشاڵی پێبێت(ئەحمەد،87،2016).

## 2-11 شمشاڵ ژەنە پێشەنگەکان لە کوردستان:

**1- سەردار ئەحمد عەبدولا:**

لە ساڵی (1945)لە شاری کۆیە لە دایك بووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووەو لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە خولیای موزیك بووە، بۆیە زۆری هەوڵداوە، تا ئامێرێکی شمشاڵی ئاسنی پەیدا کردووە، دوواتر شمشاڵی دارو دووزەلەی پەیداکردووە وردە وردە خۆی لە سەر ئەم ئامێرانە ڕاهێناوە، تا تەواو کردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، لە ساڵی (1957) چۆتە

قۆناغی ناوەندی هەر لەم ساڵە مامۆستای هونەرمەند (باکوری) لەشاری کۆیە دامەزراوە وانەی ئینگلیزی گوتۆتەوە لە هەمان کاتدا ئەو مامۆستایە شارەزاییەکی باشی لە ژەنینی چەند ئامێرێکی موزیك هەبووە تیپێکی موزیکی لە قوتابخانە دامەزراند بەهاوکاری بەڕێوەبەری ناوەندیەکە بە ناوی مامۆستا (شەفیق سابر) پشتگیریەکی باشی لەو تیپە کردووە وەبە یەکێك لە ئەندامی ئەو تیپە دانراوە، لەگەڵ چەندن قوتابیەکی تر، کە ئارەزووی فێر بوونی موزیکیان هەبوو وەك: (زاهیر محمد – عبدولرەحمان ئەسوەد – عەونی عەلی – نەشئەت حەمید). ئەم تیپە چەندین ئاهەنگی ئەنجامداوە وەك: یادی نەورۆز و چالاکی قوتابخانەکان. لە پشووی هاوینی ساڵی (1958) ماموستا باکوری خولێکی فێر بوونی موزیکی کردەوە لەم خولە جگە لەم قوتابیانە، کە لە تیپی قوتابخانەکان بوون چەندین قوتابی تریش بەشداری ئەم خولەبوون، پاش تەواو بوونی خولەکە تیپێکی خنجیلانە پێك هات و مامۆستا باکوری ناوی تیپەکەی نا تیپی موزیکی باواجی کۆیە ئەم تیپە چالاك بوو ئاهەنگی دەگێڕا لە کۆیە و ڕانیە و شارو شارۆچکەکانی تر لە ساڵی (1978) بۆ یەکەم جار خولێکی موزیکی لە شاری هەولێر کردۆتەوە، دواتر لە شاری کۆیە کە سەر بە چالاکی قوتابخانەکان ئەمەش بە پشتیوانی مامۆستا جمال هیدایەت لە ساڵی (1979) هەمان خولیان لە بنکەی لاوانی شاری کۆیە کردەوە ئەمجارەیان بە هاوکاری ماموستایان زاهیر محمد و انوەر تاهیر و شیرکۆ محمد لە خولانە بەردەوام بوون، تا وایلیهات زۆربەی قوتابیەکانمان بوون بە ژەنیار تاوەکو دووبارە دامەزراندنەوەی تیپی موزیکی باواجی لە ساڵی (1983)دوواتر جموجۆڵە هونەریەکان چڕ تر بۆوە بەردەوام بوون تاوەکو کاتی خانەنشین لە کۆتاییدا کۆمەڵی هونەرمەندی باش لێ بەرهەم هات. (کویستانی، 2008،ل46)

**2- محەمەد حوسێن ئەحمەد:**

لە ساڵی (1944)لە سورداش لە دایکبووە خوێندی سەرەتایی لە سورداش تەواو کردووە لە ساڵی (1957) تا (1960) قۆناغی ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە چووەتە خانەی مامۆستایان لە ساڵی (1964) دا تەواوی کردووە، مامۆستا محمد هەر لە منداڵیەوە خولیای موزیکی کەوتۆتە سەر زۆر حەزی لەشمشاڵی (حمە عەزەی تیماری کردوە) و خوی داوەتە گوێگرتن لە شمشاڵی فارسی بەتایبەتی لە ئێزگەی ڕادیۆی ئێرانەوە گوێی لێگرتووە ئەو شمشاڵ ژەنەی، کە خولیای بووە (حەسەنی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسائیبیە)، دواتر شمشاڵێکی لای عمر احمد کڕیوە لە ساڵی (1950) دا کە دوکانییێکی بچووکی (کوشك)ی هەبووە بەرامبەر مزگەوتی گەورە و خۆی فێری چەندەها گۆرانی بچووك بچووك کردووە و هەر لەماڵەوە بەشمشاڵیش ژەنیویەتی ڕاهێنانی لەسەر کردووە. دواتر گۆرانیەکانی شەماڵ سائب و هەندی گۆرانی لەوکاتە، کە باوبوون وەك گۆرانی (عمی یابا) وگۆرانیەکانی (حظيري عبدالعزيز) وەگۆرانیەکانی ( حەسەن زیرەك) بەتایبەتی ئەوگورانیانەی سڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا لەئێزگە و ڕادیۆی کوردی لە بەغدا زۆر لێدەدران، دواتر زۆر سەرسامی گۆرانی بێژانی گەورەی عەرەب ( عەبدولوەهاب- فەرید ئەترەش- عەبدول حەلیم حافز) بووە زۆربەی گۆرانیەکانی بە سەرزارەکیی لە بەرکردوووە و بەهۆی گوێگرتنی زۆرەوە لە ڕادیۆ. خولیای گۆرانیەکانیان بووە بەم شێوەیە تا ساڵی (1961) چووەتە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لەوی مامۆستا (ولیەم یوحەنا) بایەخێکی زۆری پێداوە و وانەکانی سەرەتایی شمشاڵ ژەنینی فێر کردووە، ماموستا محمد لەگەل ماموستا ئەنوەر قەرەداغی لە پۆلیکدا بوون و پێکەوە چەندەها ئاهەنگیان بۆ قوتابخانەکەی خۆیان ئەنجامداوە، لەگەڵ هەندێ هونەرمەندی تر لە خانەی مامۆستایان. هەروەها مامۆستا محمەد چەندین دانیشتن و دیداری لەگەڵ هونەرمەندی خوالێخۆش بوو حەسەن زیرەك ئەنجامداوە لە ساڵی (1967) دا ئەندام بووە لە تیپی نواندن و موزیکی سلیمانی، کە ئەمانەی خوارەوە دەستەی دامەزرێنەری بوون: (1- ئەنوەر قەرەداغی 2- ولیەم یوحەنا 3– محەمد امین حسین 4- فریدون دارتاش 5- فرید عیسی) بەشداری لە سەرجەم تۆمارەکانی تیپی موزیکی سلێمانی کردووە لە ئێزگەو تەلەڤزیۆندا، هەروەها ئەندامی دامەزرێنەری تیپی موزیکی فولکلوری کوردە لە هەموو کارەکانی تۆمارکردنی دەنگ و وێنەگرتنی تەلەڤزیونیدا بەشدار بوو، مامۆستا محمد هەر لە دامەزراندیەوە ئەندامی تیپی هونەری میللی کورد بووە لەهەر شوێنێك پێویستیان پێ بووبێت ئامادە بووە و بەشداری کردووە بە ژەنینی ئامێری شمشاڵ. (کویستانی، 2008،لا40)

**3- نازم عەلی کاکەیی:**

لەگوندی (زەنقر) لە ناحییەی داقوق- کەرکوك لە ساڵی (1952) لە دایك بووە دەرچووی کولێژی هونەرە جوانەکانی بەغدایە، لە ساڵی (1972) وەك شمشاڵ ژەن لە ئێزگەی کوردی بەغدا کاری کردووە، لەگەڵ هونەر مەندان ( عەلی مەردان- حوسێن عەلی- عیسا بەرواری- تایەر تۆفیق- فوئاد

ئەحمەد- تەحسین تەها)، لەگەڵ هونەرمەند(مونیر بەشیر) لەتیپی کلتوری عێراقی کاری کردووە چۆتە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هونەرمەندان( مائیدە نزهت- رضا عەلی) لەگەڵ تیپی (الموشحات)(روحی الخماش) کاری کردووە، بۆ یەکەمین جار ئامێری (نای شمشاڵ) لە ئورکێسترای کوردستان بەکارهێناوە کاری هونەری زۆری کردوە لە وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپا چەندین وانەی موزیکی لە شارە جیهانیەکانی وەك (پاریس – لەندەن-ڕۆما) گوتۆتەوە بەشداری لە ڤیستیڤاڵی (ئەدم بەرا)ی نێودەوڵەتی و ڤیستیڤاڵی (پاریس) بە ئامێری شمشاڵ کردووە لە ڕێگای ئەم ئامێرە ویستوویەتی هونەری کوردی بە هونەری جیهان بناسێنێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی.سوور بووە لەسەر ناساندی ئامێری شمشاڵی کوردی لە هەمووئەو ڤیستیڤاڵانەی کە لە وڵاتانی جیهان پێشکەش دەکرا بە شێوەیەکی ئەکادیمی یەکێکە لە دامەزرێنەرەکانی بەشی شمشاڵ لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا لە ساڵی (1977). (کویستانی، 2008،ل98)

**2-12 کلیلی سکێڵ:** نووسینی بەرهەم و دانراوە موزیکییەکان بۆ ئامێری شمشاڵ لەسەر کلیلی (سۆڵ) دەنوسرێتەوە.

## 3- ئەنجام:

1- بەپێی ئەو بەڵگانەی لەو توێژینەوەیە خستمانە ڕوو، دەرکەوت بەکارهێنانی ئامیری شمشال مێژوویەکی دێرینی لە کورستان هەیە.

2- شمشاڵ چەند جۆرو پێوەری زانستی و فیزیکی هەیە، کە لەم ڕێگایەوە دەتوانرێت، لەکاتی داڕشتنی پێوەرەکەی و دروستکردنی پشتی پێببەستریت.

3- شمشاڵ بۆ چەندین نەخۆشی جۆراو جۆر بەکار هاتووە، بەتایبەتی گرانە تاو نەخۆشییە دەروونیەکان.

4- ئامێری شمشاڵ هاوڕێی شوانی کورد بووە لەڕیگای ئەم ئامێرە شوانەکە توانیویەتی مەڕەکان بەو ئاڕاستە ببات، کە دەیەوێ وهەروەها وەك ئامیرێکی ئاگادرکردنەوە بەکاری هێناوە لە کاتی هەستکردن بەهەر جۆرە ترسێك ئاوازی هاوارە بەلۆی پێ ژەندراوە، بۆیە خەڵکەکەی بەئاوازی ئەم ئامێرە ئاگادار کردۆتەوە لە هەر ئەگەرێکدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- ئامێری شمشاڵ وەك ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لەناو تیپە موزیکیەکانی کوردستان و لە بەشداری کردن و بەرەو پێشبردنی مووزیکی کوردی وەك: سولۆو تاك ژەنی و هاورایی گۆرانی بێژ.

## 4- پێشنیار:

1- توێژەران گرینگی زۆر بدەن بەو ئامێرانەی، کە لە لای کورد بەکار دێت توێژینەوەیان لە بارە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم ئامێرانە مێژوێکی زۆرکۆنیان و دێرینیان هەیەو تاکە شت مابێتەوە هونەری کۆنی پێبناسرێتەوە ئەم ئامێرانەن.

2-- لایەنی پەیوەندی دار پشتیوان و هاوکاری توێژەر بیت و هەروەها گرینگی زیاتر بدەن بە بواری موزيك پلانی بەهێز دابرێژن لە گشت بوارەکانی موزیکی کوردی دا.

3- هەوڵدان بۆ پەرەپێدان و چوارچێوەدان بە شێوازەکانی فێرکردنی ژەنینی ئامێری شمشاڵ بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی.

## 5-ڕاسپاردە:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی شیکاری ئەتنوموزیکولوجی پەیوەست بەئامێرە موزیکیەکان لە کوردستان دا.

2- توێژەرەکە پێشنیازی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی هاوچەرخی ئامێری شمشال و ڕۆڵی لە یاوەرییکردن گۆرانی و تاکژەنیی دەکات.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە میتۆدي تەواوکەری ئەم توێژینەوەیە و وشەسازی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە لە چوارچێوەی پرۆگرامێکدا کە بۆ داواکاران و پیشەییەکان دیاری کراوە.

4- پێویستە توێژینەوەیەکی هاوشێوەی توێژینەوەکانی ئێستا ئەنجام بدرێت، کە مامەڵە لەگەڵ گۆڕاوە وابەستە جیاوازەکاندا بکات.

## 6-پەراوێز:

***بەین خواردنەوە یان پشوو خواردنەوە**، مەبەست لەوەیە کەژەنیارێك ئامێرێکی موزیکی فوودار دەژەنێ وەك شمشاڵ – دووزەلە – باڵەبان ئامێر ژەن بێ ئەوەی بهێڵێ دەنگەکە پچرپچڕ ببێ هەناسە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵدەکێشێت بە لووت بەردەوام دەم وسیەکل پڕدەکات بۆ دروستکردنی دەنگ لە قامیشەکە واتە نابێت ئەو فووە لەئامێرەکە دەکرێت پچڕپچر بێت هەروەها دەبێت هەناسە بە لووت هەڵمژێت بە شێوەی پشی خواردنەوە بۆ بەردەوام بوونی ئامێر لە ژەنینەکە.

## سەرچاوەکان:

### -کوردی

**1-** ئەحمەد، وریا (2016). ئامیرەککانی موزیکی کوردی، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چایخانەی زانکوی سەلاحەددین، هەولیر.

2- کویستانی، ئیسماعیل (2008). رووخسارو ئەزموون، بەریوەبەرایەتی گشتی روژنامە نووسی و چاب کردن و بلاوکردنەوە، بەشی دووەم ،وەزارەتی روشنبیری، حکومەتی هەریمی کوردستان.

3- دارا، محەمەد عوسمان هەورامی (2006). ئایا ئامێری شمشاڵ کەی و لە کوێ هاتووە گۆڤاری چلاواز ژمارە 25-26، دەزگای موزیك و کەلەپووری کورد بەشی یەکەم.

4- نەسرۆڵا پوور (2007). عەلی ئەسغەر: ئامێری موزیکی کورد، ئنیستیوتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر چاپی یەکەم.

5- کاکەیی هەردەوێل، مەقام و موزیکی کوردی، یەکێتی نوسەرانی کورد- کەرکوك، چاپی یەکە- چاپخانەی- ئارەبخا – کەرکوك، ل 59-60.

**- عەرەبی.**

1- محمود، جوان عزالدين(2007). تطور آلة الطمبور عبر التاريخ اهم اعلامها، وزارة التعليم العالي، جامعة البعث، كلية التربية الموسيقية، جمهورية العربية السورية.

2- جودت، إيمان (2012). الآلات النفخ الشعبية، دراسة مقارنة بين مصر و بعض الدول العربية، الهيئة العامة للكتاب، مصر.

3- قدوري، حسين(1987). الموسوعة العربية، الموسوعة الموسيقية الصغيرة، وزارة الثقافة والاعلام دار ثقافة الاطفال، بغداد، العراق.

4- عيسى، ميالد سهيل جميل(2017). الضروب الإيقاعية في الموسيقى العربية، بحث منشور، جامعة النجاح.

5- بلبشير، عبدالرزاق(2020). محاضرات في المقاييس الموسيقى الحديثة، جامعة ابوبكر بلقايد كلية الاداب وللغات قسم الفنون،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،تلماس، الجزائر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6- رشيد، انور صبحي(1970). تاريخ الآلات الموسيقية، بحث منشور مؤسسة التجارة للطباعة والنشر بيروت، لبنان.
7- د. جودت، إمان(2012). آلات النفخ الشعبية دراسة مقارنة بين مصر وبعض الدول العربية، دراسة مقارنة، القاهرة الهيئة المصرية العامة للكتاب.
8- الكبيسي(2007). عبدالواحد حمد: تنمية التفكير بأساليب مشوقة، دار ديبونو للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان.
9- بارۆلد" اندريۆ: ترجمة، د. عيسى سليمان، سليم طه(1980). منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر، جمهورية العراق.
10- محفوظ، حسين علي: (1964) قاموس الموسيقى العربية، وزارة الثقافة والارشاد، مديرية الثقافة العامة، مطبعة دار الجمهورية، بغداد.
11- رشيد، صبحي انور: (2000) تاريخ الموسيقى العربية السلم الموسيقي-الإيقاع- الآلات، مؤسسة باڤاريا للنشر و الإعلام، المانيا.

**3- ئینگلیزی.**

.1- Tabler,A(1950).Excavations at Tepe Gawra, vol.11,philadelpha .

**دووەم ماستەر نامە و تێزەکان:**

1- ئاری، محمد قادر(2013). البناء اللحني والإيقاعي للأغاني الشعبية في عدد القرى والنواحي التابعة لقضاء شقلاوة- كوية- رواندوز، رسالة ماجستير غير منشور جامعة صلاح الدين كلية الفنون الجميلة أربيل، إقليم كوردستان العراق.
2- مظهر أسماعيل، حويز (2015). خصائص فن الارتجال الغنائي والآلي في الموسيقى الكوردية، رساله ماجستير غير منشور، جامعة صلاح الدين، كلية الفنون الجميلة اربيل اقليم كوردستان العراق.
3- هاشم، حيدر زامل حسين (2015).تاريخ آلة العود في العصر العباسي، رسالة ماجستير غير منشورة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد كلية الفنون الجميلة، قسم الفنون الموسيقية،بغداد.
4- سليم، الحلو(1989). صعوبات الجوهرية التي تواجه عازفي آلة الناي وكيفية تغلب عليها، رسالة دكتورا غير منشور المعهد العالي الموسيقى العربية اكاديمية الفنون.

**گۆڤارەکان:**

1- سليمان، ممتاز حسين(2013). مقدسات الئيزيديه، گۆڤاری لالش، ژمارە 35.

2- جاسم، جوان عدنان(2018). الإمكانيات الأدائية لآلة الناي دراسة التحليلية الوصفية، مجلة الأكاديمي، العدد89.

**سێهەم ماڵپەڕەکان:**

-1- *https://baytdz.com/%D9%83%D9%8A%D9%81-%D8%AA%D8%B5%D9%86%D8%B9-%D9%86%D8%A7%D9%8A/?id=205805 4/1/2023*
*2- https://www.aps.dz/ar/culture/75255-2019-08-19-12-00-312-*
*3- https://adabbook.yoo7.com/t577-topic3-*
*4-https://www.aljazeera.net/2006/05/23/%D8%A8%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%AC%D8%AA%D9%85%D8%B9-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%8A*
*5- https://mawdoo3.com/%D9%83%D9%8A%D9%81_%D8%AA%D8%B5%D9%86%D8%B9_%D9%86%D8%A7%D9%8A*
*6- https://arab-ency.com.sy/ency/details/10937/20*

---

## Role, Shmshal, Music, Kurdish Society (Kurdistan of Iraq)

**Madhhar Ismail Hawez**
Music, Fine Arts, Salahddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Madhharesmaeel@gmail.com

**Prof. Dr. Nasser Hashim Badan**
Music, Fine Arts, Basra University, Basra, Iraq.
Email: nasserbadan60@gmail.com

**Prof. Dr. Idrees Abdullah Mustafa**
Kurdish Language, Art, Salahddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: idrees.kurdesh@su.edu.krd

***Keywords:*** *Role, shmshal, Music, Kurdish society, Kurdistan of Iraq.*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract
Musical groups include primarily oriental instruments. The most prominent of these instruments is the shmshal which is characterized by a different style of playing because of the importance of light. This research was presented to explain the role of the shmshal in Kurdish society, and given the significance of this topic to researchers, the need for research has emerged. This paper consists of a summary, introduction, research problem, importance of the research, purpose of the research, scope of the research, and definition of the most important terms. The theoretical framework consisted of two topics: the name of the instrument, definition of the instrument, description of the instrument, history, measurements, playing style, playing techniques, construction of the instrument, scale keys, range, shape and components of the instrument, and types of shnshal instruments. The second chapter discusses the role of the instrument on social and religious occasions, as well as other aspects of life and the lives of a number of prominent musicians in Kurdish society, followed by conclusions and recommendations

# دور آلة شمشال في مجتمع الكوردي (كوردستان العراق)

## ملخص:
تشمل الفرق الموسيقية آلات الموسيقية شرقية قديمة أبرزها الناي (شمشال) الذي يتميز بطابع مختلف في العزف لأهمية الضوء. تم تقديم هذا البحث لبيان دور الناي في المجتمع الكردي، ونظرا لأهمية هذا الموضوع بالنسبة للباحث فقد ظهرت الحاجة للبحث. (دور آلة- شمشاڵ- نای) في المجتمع الكردي. يتكون هذا البحث من ملخص ومقدمة ومشكلة البحث وأهمية البحث وأهداف البحث ونطاق البحث ويتضمن تعريفا للمصطلح الأكثر أهمية. جاء الإطار النظري لموضوعين: اسم الآلة، تعريف الآلة، وصف الآلة، التاريخ، القياسات، وأسلوب العزف، تقنيات العزف، وبناء الآلة، ومفاتيح الميزان، والمدى، والشكل ومكونات الأداة، وأنواع آلات البوق أما الفصل الثاني فيناقش دور الآلة في المناسبات الاجتماعية والدينية، ونواحي أخرى من الحياة وحياة عدد من الموسيقيين البارزين في المجتمع الكردي، تليها استنتاجات وتوصيات.